

# نا بۆ دەست درێژی و ڕەشە کوژی
# بۆ ژیانێکی ئازاد

ڕۆژی 25 نۆڤەمبەر، ڕۆژێکی جیهانییە دژ بە دەست درێژی و ڕەشەکوژی ژنان. ئەم ڕۆژە یادکردنەوەی ئەو سێ خوشکەیە کە دژی تورانییەی دیکتاتۆر(تۆژیلۆ)لە ئەمەریکای خواروو خەباتیان دەکرد.لە 25 نۆڤەمبەری ساڵی 1960 بە دەستی ئاسایشی نهێنییەوە کوژران. ژنانی ئازادیخوازی ئەمەریکای خواروو لە 25 نۆڤەمبەری ساڵی1981 ئەم ڕۆژەیان کرد بە ڕۆژێکی جیهانی و خەبات کردن دژی چەوساندنەوەی ژنان لە جیهاندا.

کێشەی ژنان ئەمڕۆ بۆتە کێشەیەکی جیهانی و لە سەرتا سەری دونیادا ژنان ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە لە ژێر ناوی شەرەف، و تراژیدیای خێزان و لە بازارەکانی سێکس هەراج دەکرێن نەسیستەمی سەرمایەداری و نەسۆسیالیستی نە ئاین و ئاینزاکان نەیانتوانی وەڵامی پرسی ژن بدەنەوە،و چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن ،ئەمڕۆ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانیش ژنان بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی خۆیان.

دەبێت بپرسین چی وا لە ژنێك لە دایكێك دەكات، ئەو دایكەی ژیان بەرهەم دینێت ئامادەبێت ژیانی كەسانی تر لەناوببات.
ژن دایكە، ولأتە، گەرمییە، خۆشەویستییە، هاورێیە بۆ دەبێت بەم شێوەیە هەڵسووكەوتی لەگەل بكرێت و بكوژرێت بەپێی ئەو حاڵەتانەی لە كۆمەڵەی ماڤی مرۆڤ تۆمار كراون ساڵانە 2,4 ملیۆن ژن دەكوژرێن لە جیهاندا

رۆژ نییە لە كوردستان ژنان دەستدرێژیان نەكرێتە سەر و نەكوژرێن و نەسووتێنرێن، كەچی شەقامی كوردی ناشڵەژینێ و دەنگی نارەزایی خەڵك كەم دەبیسترێت،

ئەو ئەركەش دەكەویتە لە سەر ڕۆشنبیرانی كورد بەگشتی و ژنان بەتایبەتی و ئەوانەشی كە خۆیان بە خەم خۆری ژنان دەزانن دەبێت ڕۆژێك دیاری بكەن لە كوردستان و دژ بە چەوسانەوە.دژ بە كوشتن لە ژێر هەرناوێك بێت.

بۆ یادی هەزاران ژنی كورد، كە بەناوی شەرەفەوە بێشەرەفییان لە گەڵ كرا،بۆیادی هەموو ئەوانەی لە زیندانەكانی بەعس چەوسێنرانەوەو دەستدرێژیان كراوەتە سەر، بۆ یادی ژنانی ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجەو بالیسان وبادینان بۆ یادی هەزاران جەستەی سوتاو, سەدان لاشەی بێنازی سەر شەقامەكانی شار، كە بەرێكەوت لاشەكانیان دۆزراوەتەوە،بەیادی (كەژاڵ، مەهاباد، تریفە، هەزارانی تر) بەیادی ئەو هاوارو ئازارانەی كە كەس گوێ بیستیان نەبوو.

من نازانم لە كوردستان كام ژن بۆی هەیە قسە بكات، چونكە ژنانی ئێمە كاریگەریان لەسەر دەسەلأتی سیاسی نییە. ئەوە جێگای داخە بەڵام دەكرێ ڕێكخراوەكانی ژنان ئەو ئەركە ئەنجام بدەن لە ساڵنامەی كوردی ڕۆژێك دژ بە چەوسانەوەی ژن دیاری بكەن .

تامان شاكر
2005/11/17

*ئەو وێنەیە لە سایتی پەیامنێر وەرگیراوە